یرەوەری حەوت ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارام

وڕاستی بۆچونەكانی

ڕوونكردنەوەیەكی پێویست

لەحەوتهەمینساڵیادی شەهید بوونی شاسوار جەلال (ناسراو بەهاورێ ئارام) دا، واتە لەكۆتایی مانگی كانونی دووە می ساڵی 1985 دا ڕێكخراوی ئاڵای شۆرش نامیلكەیەكی گفتوگۆ ئامێزی بڵاوكردەوە كەلەكاتی خۆحەشاردانی شەهیددا دیدارێكی ڕۆژنامەوانی لە گەڵ دا سازدراوەو بەپێی ڕێكەوتنی سازدەری دیدارەكە و هاورێ ئارام دەبوو بڵاوكردنەوەی ئەم دیدارە لەكاتێكی گونجاودابێت.

بڵاو كردنەوەی ئەو نامیلكەیە لەو كات و ساتەدا دیارە بایەخێكی دیاری هەبوو، بەتایبەت بۆ ڕێكخراوێكی تازە درووستبوی وەك ئاڵای شۆرش كەدەكرێ لەچەند خاڵێك دا ئاماژەی پێ بكەین.

1 - بۆ ئەو ڕێكخراوە ئارام سمبول و هێمایەكی جوان و بەبەها بوو، بەتایبەت كە ئارام لەتەمەنی كەمی پێشمەرگایەتی دا جێگای خۆی لەدڵی سەدان پێشمەرگەو خەڵكی دیهاتنشیندا كردبووەوە.

2 - ئارام چ لەناواخنی قسەكانی دا لەم گفتووگۆیەدا چ لەنووسراوەكانی پێشوویشی دا كە بڵاو كراوەتەوە سەرنج و تێبینی رەخنەگرانەی لەسەر كۆمەڵێك لایەنی فكری، سیاسی، ڕێكخراوەیی، پێشمەرگایەتی.......دەربریوە كەبۆ ئاڵای شۆرش و ناساندنی و خۆجیاكردنەوە لەوانی تر، بەتایبەت ئەو بەشەی كۆمەڵە كەلەناو یەكێتی دا مابووەوە پێویستیەكی لەچارنەهاتووبوو.

3 - كۆكردنەوی كادر و پێشمەرگە و كەسانی نارازی لە (ی. ن. ك) و كۆمەڵە و خرۆشاندنی بیرو هەست و سۆزیان و بەگەرخستنیان لەریزەكانی ئاڵای شۆرشدا.

4 - بەكارهێنانی بۆچون و ووتەكانی ئارام بۆلاوازكردنی بەرامبەر و ڕۆشنایی خستنە سەر بیر و هەڵس و كەوت و پێشینەی بەرپرسەكانی كۆمەڵە و یەكێتی و بۆ لەبەرچاوخستنیان لەنێو پێشمەرگە و كادر و خەڵكی كوردستان دا.

لێرەدا نامەوێ نكۆڵی لەوە بكەم كەكەسانێك هەبوو بە دڵ لایەنگری فكروبۆچون و هەڵس و كەوتی ئارام بوون، ئەوەش لەبەر پابەندی ئارام بەماركسیزم – لینینزمەوە لەوكاتەدا، دیارە پێیان باش بووە تەواوی بۆچونەكانی ئارام لەمەڕ سەرجەم بابەتەكان بڵاوبێتەوە، ئەوەش بەمەبەستی رابەرایەتیكرنی بزوتنەوەكە لەلایەن ڕێكخراوێكی پێشرەوی شۆرشگێرەوە.

بەڵام ئەوەی كە مەبەستمە و راشكاوانە بیڵێم ئەوەیە كە هەندێك لەو بەرپرسە دیار و سەركردانەی ناو ئاڵای شۆرش مەبەستیان لە بڵاوكردنەوەی ئەم نامیلكەیە زوربەی لەبەر ئەو هۆیانە بوون كە ئاماژەمان پێداوە، نەك لەبەر دڵسۆزیان بۆ ریبازی ئارام و ماركسیزم – لینینزم و.........هتد

بەڵگەش بۆ ئەمە :

1- بۆچی هەرئەو سەركردانە زووتر ئارام ئاسا خۆیان لەقەرەی ئەو رەخنەو تێبینیانەی ئارام نەدابوو.

2- بۆچی ئەو سەركردانە كەهیندە دڵسۆزیان دەنواند بۆ ئارام و رێبازەكەی، لە كاتی زیندوویی ئارام دا هاو فیكر و هاو رێباز و هاوخەمی تەواوی ئارام نەبوون و بۆچی ئارام بوو بەسەركردە تاك و بێ پشت و پەناكەی

ناو کۆمەڵە و بەو جۆرەش شەهید بوو، ئەوانیش لەخەمی خۆ نزیك کردنەوە بوون لەو بەشەی سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە کە ئارام هەرگیز لەگەڵیان دا نەئەگونجا.

3- کاتێ ساڵانیش ڕابوورد، مێژووش دەریخست کە بەڵێ ئەوانە تەنها بۆ رکابەری بەرامبەر و ویست وبەرژەوەندیەکانیان خۆیان بەستبووەوە بە بیروبۆچونەکانی ئارامەوە،ئەوە بوو هیندەی نەبرد و لەژێرفشارێکی زۆر نامرۆییانەی هەندێ سەرکردەی کۆمەڵەو یەکێتی بارەگا و بنەیان پێچرایەوەو نەك هەر داکۆکیەکی سەرسەختانەیان لە ئارام و بیروبۆچونەکانیشی نەکرد بەڵکو پاشەکشەیان کرد و تەنانەت تۆبەنامەشیان واژو کرد و بوونە بەشێکی کارا لەو بەرەیەی کە ئارام هەمیشە لەجەنگی فکری و سیاسی....هتد دابوو لەگەڵیان دا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تائێستاکەش سەرەرای هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی بیروبۆچونەکانی ئارام و شێواندنی، سەرەرای خۆ بادان بە گەورەیی ئارامەوە بەرواڵەت و خۆ ئارداوی نەکردن بە فیکری ئارامەوە،ئەمە وێرای خۆکەنارگرتن لەخاوەندارێەتی فکری و سیاسی ئارام و تەنانەت خۆ دزینەوە لە بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە رۆژنامەوانیە، کەتائێستاش گرنگی بێ هاوتای خۆی هەر ماوە و جێی خۆیەتی کەدەستخۆشی لەو هاورێ یە بکرێ کەئەو هەلەی رەخساندوە و ئەو گفتوگۆیەی ئەنجامداوە و پاراستویەتی.

گرنگی ئەم دیدارە رۆژنامەوانیە لەچی دایە ؟؟

1- لەکاتێك دا کەرژێمی بەعس لەوپەری هێزو لەخۆبایی بووندابوە،گەلی کوردستانیش لەبارێکی نالەبار و شکستخواردودابووە، توانای دارایی وچەکداری کۆمەڵە ئەوەندە کەم بووە ئەتوانین بڵێین لەجێی نەبوان بووە، ئا لەو بار و دۆخە سەخت و ناهەموارەدا ئارام بە وورەیەکی بەرزو پۆڵاینەوە پڕوای بە پێشکەوتن و گۆران و بەرەو پێشچوون و سەرکەوتنی گەل و شکستخواردنی دوژمن هەبووە.

2- سەرەرای ئەم ورە بەرزی و بروابەخۆبوونە ئارام بەرروونی خاڵە لاوازەکانی جوڵانەوەکە و کۆمەڵەو یەکێتی و لایەنەکانی تری گۆرەپانەکەی دیاریکردوە و سەرکەوتنی بزووتنەوەکەشی تەنها نەبەستۆتەوەبە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنی بەعسی فاشی، بەڵکو هاوکات وێرای ئەمە پێ ی وابووە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەو بەتایبەت کۆمەڵەی بەستۆتەوە بە تێپەراندن و راستکردنەوەی ئەو هەڵە و کەم و کوریانەی کەلەناوخۆداهەبووە، ئەوەتا لەوەڵامی زوربەی پرسیارەکان دا ئارام ئاماژە بەمەترسی درێژەدان بە عەقڵیەتی دواکەوتوو فەردگەرایی و تاکرەویتی هەندێ لەبەرپرسانی یەکێتی و کۆمەڵە دەکات.

هەر لەم وەڵامانەدا خوێنەر بە ئاشکرا بووی روون دەبێتەوە کە ئارام دەرکی بەزۆر هەڵەی سیاسی و فکری و رێکخراوەیی قورس کردووە کەبەپێی بۆچونی ئەو کۆمەڵەیان زۆر دواخستوە و خۆی ووتەنی چارەکێکی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردوە.

3- ورە بەرزی و خۆراگری ئارام و هێوا بەدوارۆژ، سیفەتێکی درەوشاوەی ئارام بووە. بەڵام وەك لەخاڵی پێشودا ئاماژەمان پێ داوە ئەمە هاوکات بووە لەگەڵ رۆشنایێخستنە سەر هەڵەو کەم کورییەکان، لەهەمان کاتیشدا ئارام ورەبەرزی خۆی و هیوای بەسەرکەوتن گەراندۆتەوە بۆ، درێژەدان بەخەبات و پاراستنی سەربەخۆیی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی کۆمەڵە، پێی وابووە لەگەڵ بردنە پێشەوەی هەموو هەوڵێك بۆبەرین کردنی ریزەکانی پێشمەرگە و شۆرشگێران، بۆدروستکردنی یەکێتی نیشتمانی، بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ لایەن و رێکخراوە تێکۆشەرەکان دا، لەگەڵ ئەمانەدا هەمووی ئارام هەمیشە پێ داگر بوو لەسەر ئەوەی کەهەرگیز نابێ دەستبەرداری سەربەخۆیی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی کۆمەڵە بین، لەم بارەیەوە و بەتایبەت لە وەڵامی مەترسی هەندێك لەهاورێیانی کۆمەڵە لەدروستکرن و بنیاتنانی یەکێتی نیشتمانی دا دەڵێ (مەعقولە بەدەستی خۆمان رێکخستنێ دامەزرێنین سواری کۆڵی رێکخستنە

ئەساسیەکەی خۆمان بێ، ئێمە وەکو تەتەروف ناکەین کە کۆمەڵە بەهەموو شتێ بزانین، بەڵام ئیهمالیشی ناکەین، کۆمەڵە سەرپرن و ئێمەش سەیریان کەین)........

4- ئەگەر چی تەمەنی کورت رێگای پێنەدا کەدرێژە بەخەبات و ممارسەی کاری شۆرشگێری زیاتر بدا، بەڵام هەر لەم گفتوگۆیەدا دیارە، ئارامە تۆزی ماویزمی لەسەر کۆمەڵە لابردووە، ئارامە هەوڵی داوە کۆمەڵە کۆپی هیچ رێکخراو و لایەنێکی ناوخۆو دەرەوە نەبێ، ئارامە رێگر بووە لەبەردەم چەندین کەسی هەلپەرست و خۆسەپێن و فریودەر و.........هتد.

لەکۆتایی دا دەڵێم ئەگەر تەنها بەپێی ئەو سەرنج و رەخنەو تێبینیانەی هاورێ ئارامیش بێ، دەبوو رۆژو ساڵ بەم شێوەیە بگوزەرێ، دەبوو فەردییەت زاڵ بێ، بیروباوەری شۆرشگێرانە وەلاخرێ،سەربەخۆیی سیاسی رێکخراوەیی بکرێتە قوربانی رێکخراوی پان و پۆر و سەدەها کادری لێوەشاوەو بەتوانا و خاوەن بیروباوەری شۆرشگێرانە ی لەبن نەهاتوو بەبیانووی جۆراو جۆرەوە دوربخرێنەوە.

لەگەڵ رێز و خۆشەویستی زۆرم بۆ ئەم شەهیدە مەزنە، بۆپێشبینیە بەبەهاکانی، بەڵام هاوکات دەڵێم مادام ئەو دەرکەی هەبوو بەزەمینەی سەرهەڵدانی جولانەوەکە توانا جۆراوجۆرەکانی، بەشەخسی سەرکردە و بەرپرسە کۆن و نوێکان، نەدەبووهەرگیز لەمەترسییان غافڵ بێت و دەبوو ئاگادار بووایە لەوەی هەرکات هەندێك لەو سەرکردانە هەلیان بۆبرەخسی ریسەکەی تێکۆشەرانی وەك ئارام ئاسا دەکەنەوە بەخوری و فەردیەتی خۆیان درێژە پێ دەدەن و خۆیان دەسەپێننەوە، رێکخراو دەخەنەوە سەر دیوارە روخاوەکانی رێکخراوە کۆن و بەسەرچووەکانی پێشوو سەربەخۆیی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی رێکخراوی شۆرشگێر نەك هەر لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دا بەڵکو لەپێناو پاراستنی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەو دامرکاندنەوەی بیرو هۆشی راپەریوی خەڵکی زۆرلێکراو دەکەنە قوربانی، وەك کردیشیان و تائێستاش رێگری دەکەن لەچەکەرەکردن و گەشەو نفوز پەیداکردنی بیروباوەری شۆرشگێرانەو ممارەسە کردنی دا.

ئازاد محەمەد

2012 - 12-8

گەرمتر تێبکۆشن لەپێناوی

دراسەی زانستیانە،

خەباتی شۆشگێرانە،

رێکخستنی پۆلاییانە

ووتەیەکی شەهید ئارام بۆ زانیین !

هەڵوێستمان بەرامبەر حیزب و رێکخراوە مارکسییەکانی تر

که دژی سوڵتەن، هەڵوێستی هاوکاری و پێکەوە توند گری دانی

خەباتمان لەگەڵیاندا بەمەرجێك ئەبێت لەهەموو هاوکاری یەکەمان دا

(لەم پلەیەدا) سەربەخۆیی رێکخستن و رێبازمان سەربەخۆ بێت وە

پێویستە بەردەوام رایان لەگەڵ ئاڵ و گۆر بکەین بو راستکردنەوەی

هەر هەڵەیەکی مەبدەئی کە هەر لایەکمان هەمان بێت (پاش دڵنیا بوونی

تەواو) وە هەوڵ دان بۆ زیاتر لەیەك نزیك بوونەوە و زیاتر توند گرێ

دانی خەباتمان.

ئارام

دوا لاپەرەی

راپۆرتی شوبات / 1976

ئەمساڵ حەوت ساڵە، دوا رۆژی مانگی یەکەمی ساڵ لە بری بەفر و باران خەم و خەفەت، دڵتەنگی و،ماتەمینی ئەبارێنێ و راستەوخۆ خۆی بەسەر هەموو شۆرشگێرێکدا سەپاندووە و ناچاری کردون لەم رۆژەدا گۆرستانی دێی تەنگی سەری ناوچەی بازیانیان بیربکەوێتەوە. چونکە لەم رۆژەدا شاسواری خەبات، شاسواری فکر، شاسواری هەڵگیرساندنەوەی شۆرشی نوێ، شاسواری پاراستنی ریزی سەربەخۆی کرێکاران لەپاڵ شاخی کەلەووی دێی تەنگی سەرا شەهید بوو.

ئەم هاورێ مەزنە هەروەك چۆن لەژیانیا خۆشەویست بوو، لەناو شۆرش دا ماك بوو، سەبارەت بە دوژمن، دوژمن لەرزێن بوو. ئاوەهایش لە بێ گەردترین جۆری مەرگا، لەشەهید بونیشا بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان، بۆ تەواوی مارکسیست لینینستەکان پەژارەی بێ سنور بوو. ئەم شەهیدە مەزن و نەمرە هاورێ شاسوار جەلال. کەلەژیانیا ئەوەندە دووربوو لەخۆویستی و خۆپەرستی، ئەوەندە دووربوو لە پەلەپەل کردن و سەرچڵی، ئەوەندە بێ باك و پشووی شۆرشگێرانەی درێژ بوو نازناوی – ئارام – ی بۆخۆی هەڵبژارد.

جۆری تراجیدیای شەهید بوونی ئەم هاورێ نەمرە ئەم دڵپاك و گیانی بەرزی کۆمۆنیستیە بەهۆی هەڵەیەکی بچوکەوەیە ئەویش دایرانی بوو لەهاورێ پێشمەرگەکانی بۆئەوەی بتوانێ سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەی ئاڵای شۆرش بکات و ریزی سەربەخۆی کۆمەڵە و کرێکاران بپارێزێ، ئەو هەڵە بچوکەی دایرانی لەهاورێ کانی گەورەترین کارەساتی لەمێژووی نوێی کوردستان و عێراق دا خوڵقاند و بوو بەهۆی شەهید بوونی شۆرشگێرترین و ووشیارترین رابەری کرێکاران و شۆرشی نوێی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراقدا. ئەمە لەکاتێکدا کرێکاران و شۆرشی دیموکراتی گەلەکەمان لە هەمووکاتێ زیاتر پێویستیان بەرابەرێکی ووشیار و شۆرشگێری وەك هاورێ ئارام هەبوو.

رەنگە مرۆڤ رۆژانە، هەفتانە، مانگانە دەیان و سەدان هەڵەی بچوك و گەورەش بکات و تێپەرێ و هیچی لەسەر نەکەوێ. بەڵام لەشوێن و کاتی تایبەتیدا رێکەوت و هەڵەی بچوك یان گەورە لەناو سروشت و کۆمەڵ دا یەکانگیر ئەبن کارەسات ئەبێتە زەرورەتێکی حەتمی. بەهۆی هەڵەوە شاران وێران بوون، هەزاران مرۆڤ کوژراون، کۆستی میللەتان کەوتون، شارستانییەت فەوتاون. هەروەها پێچەوانەکەشی بەلای

خۆشی و بەختەوەریشدا هەر راست و دروستە و زۆر جاران رێکەوتووە روداوێکی بچوك و تەنانەت هەڵەی بچوکیش گەورەترین بەختەوەریان خوڵقاندووە.

لەم رۆژەدا نگینی کرێکارانی کوردستان هەڵەی بچوکی هەڵ نەگرت و بووبەکارەسات، کات و شوێنی هەڵەکە لەگەڵ هاتنی رەوە جاشێکی شەرەف فرۆشی یەکانگیر بوو بومەلەرزە ئاسا شۆرش و کۆمەڵە و گەل تاسا، کوردستان هەژا، ئێستاش نەتاسانەکە رەویوەتەوە و نەهەژانەکەش ستارەی گرتووە. ئەم راستیەش لەواقیعی ئێستادا جوانتر دەرئەکەوێ و رۆشنتر ئەزانرێ. بۆیە بەدڵنیایەوە ئەتوانین بڵێین شەهید بوونی هاورێ ئارام زیانە پەژارە بەخشەکەی نەك نەبژێراوەتەوە، بەڵکە تاهاتووە زیاتر بووە.چونکە دوژمنانی چینایەتی رێبازی مارکسستانەی هاورێ ئارام شەهیدێکەیان بەهەل زانی بۆ سەپاندنی رێبازی چەواشەی پرۆلیتاریا و بیری بۆرجوازی بچوکی کوردستان کەشەهید ئارام دەمێك بوو درکی بەم خەتەرە کردبوو، وەبەتوندی دژی بوو..

جا بۆئەوەی راستی ئەم واقیعە باشتر دیاری بکەین و زیاتر رووناکی بخەینەسەر، وامان پێباشە لەم بیرەوەریەدا وەکو سالانی پێشتر جۆری بیرەوەریەکە نەرازێنینەوە و پێمان وایە شەهید ئارام ناساندنی ناوی بەتایبەتی هاورێی یانی ناو (کۆمەڵەی) هاورێ ئارام لەچەند بیرەوەریەك و دوو بەرگی نووسینەکانی شەهیدا، ناسنامەیان بڵاو کردۆتەوە.

لەم نووسینەدا هەوڵئەدەین راستی بۆچونەکانی شەهید ئەوەندەی ئەیزانین و ئەوەندەی بەڵگەمان لەبەر دەستە و بۆ دەرفەتی رەخساو هەڵگیراوە بڵاو ئەکەینەوە. بەتایبەتی بەڵگەنامەیەکی لەشێوەی گفت و گۆی رۆژنامەنوسی زەمانی ئیختیفای شەهیدمان لەهاورێ یەکەوە دەست کەوتووە کەشەهید ئارام ماوەیەکی زۆر لەماڵیانا خۆی شاردۆتەوە. پێشمان وایە بەنرخترین یادکردنەوەی شەهید لەوەدایە فکری شەهید ئارام زیاتر بەجەماوەر بناسێنین و بەهۆی زیاتر رۆشن کردنەوەی بۆچونەکانیەوە زیاتر بیرەوەری شەهید شکۆدارئەبێ.

هاورێ ی گفت و گۆکەر لەگەڵ هاورێ ئارام دا ماوەیەکی زۆر بو بۆ دەرفەت ئەگەرێ ئەم بەڵگە گرنگە بڵاو بکاتەوە و وای لێ نەیەت لەکاریگەریکی بکەوێت. بەڵام لەبەرئەوەی گفت و گۆکە هەندێ لەوکەسانەی گرتۆتەوە ئێستا مەسئولی زلن جارانیش هەندێکیان سجن بوون و چەند هاور یەکیشیان شەهید بوون، شەهید ئارام خۆشی داوای پەلەنەکردنی کردووە لەبڵاو کردنەوەیدا. بۆیە گفت و گۆکە روناکیان نەدیوە و رێ ی شۆرشگێرانی باشتر رووناك نەکردۆتەوە.

بیرەوەری حەوت ساڵەی شەهید بونی هاورێ ئارام لەهەل و مەرجی ئاڵۆز و راستی هەڵگری ئیستا باشترین دەرفەتە کەراستیەکان بڵاو بکرێنەوە و پەردە لەرووی چەندین حەقیقەت لەسەر گەلێ مەسەلەی گشتی و تایبەتی هەلبەرێ تا ئەوەندەی ئەکرێ حەد و حدودی بۆ شێواندنی راستی دابنرێ. دەقی گفت و گۆکە لەشێوەی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی فۆرمێلا (صیاغە) کراوە و بێ دەستکاری کردن و گۆرینی ووشە عەرەبیەکان و پاش و پێش خستنی پرسیارەکان بڵاو ئەکەینەوە بۆئەوەی مورکی ئەورۆژگارە و جۆری قسەی کاك ئارام هەر پێوە دیارە بێ و هەر ئەمەش نرخی تایبەتی ئەدات بەگفت و گۆکە.

گفت و گۆکە

هاورێ ئارام، چەند رۆژێکە ئەمەوی پێت بڵێم چەند پرسیارێکم لە مێشکدایە لێتی بکەم و ووەڵامەکانت بنووسمەوە و هەڵی بگرم بۆ دوا رۆژو لەدەرفەتێکی گونجاودا بڵاوی ئەکەینەوە.

هاورێ ئارام... پرسیارەکانت لەچ بارێکەوەیە

نووسەر.... ئەوەی راستی بێ لەهەموو بارێکەوە لە دونیاوە تا ناوچەکە و عێراق و کوردستان و وەزعی کۆمەڵە و پاشە رۆژو... تاد.

هاورێ ئارام... پێم باشە بەو مەرجەی پەلە نەکەیت لە بڵاوکردنەوەی وولامەکا ن بۆ فرسەتێکی لەبار هەڵگیرێت، ئەمەش دونیایە مردن و شەهید بوونیشمان لە رێ یە بائەم ئەمانەتەمان بۆ پاشە رۆژ بمێنێ.

نوسەر...بەسەر چاو وەعد بێ بڵاوی ناکەمەوە تا فرسەتێکی باشم دەست ئەکەوێ.

پرسیار... وەزعی ئێستای رژێم و میللەتەکەمان سەرئەنجامەکەی ئەگاتە کوێ و کۆمەڵە تەمای چیەتی ؟

وولام... هاورێ، سەبارەت بە رژێم پێم وایە پێویست بەروونکردنەوە ناکات، رژێمێکی شۆڤێنیست و فاشیستە ئەم سفەتەش بەسن بۆ ناسینی رژێم. گەلەکەشمان نالە بارترین سیاسەتی بەسەردا جێ بەجێ ئەکرێ، ئەم دوو حاڵەتەی رژێم و گەلەکەمان ناکۆکیەکە دەرئەخەن کەسەرەکیە. کەواتە دوو رێمان لەبەردەمە ئایە ئەتوانین لەرێ ی شەرعی و خێرخواهانەوە وا لەحکومەت بکەین ئەم وەزعە بگۆرێ ؟ بێ شك نەخێر گەلەکەمان زۆر نیە شۆرشەکەی شکاوە، دوژمنانیش زاڵن و خۆیان بەسەرکەوتوو ئەزانن، ئیتر مەعقولە گەلی شکاوی وا لەگەڵ دوژمنی گەوجی وا کەلەوپەری غروردایە و ئەڵێ (الحرکە الکردیە انتهت الی الابد)...بیر لە صڵح و سەفا بکاتەوە. تەنها رێ ی بەرگری چەکدارانەیان لەبەردەم هێشتوینەتەوە و سیاسەتەکانی پێمان ئەڵێین یان دەست بدەنە چەك یان ئەتان فەوتێنم. ئەگەر کۆمەڵەش بیر لەم رێگایە نەکاتەوە حتما بۆرجوازی بچوکی کوردستان و باقی چینەکانی تر دەستەو وەستان ناوەستن ئەو کاتەش بە عام بێ یان بۆ پاراستنی ئەندامانی کۆمەڵە بێ هەر ئەبێ پاڵ بدەینە مقاوەمەتی چەکدارانە وە ئەو کاتەش ئەبێتە تابعێکی مەعقولی رووداوەکان و وەکو جەماعەتی قیادە مەرکەزی و لیژنەی مەرکەزیمان لێ دێت لەناو شۆرشی ئەیلول دا.

پرسیار... ئەی باشە تەنها بەکورد و کوردستان ئەکرێ ئەم وەزعە بگۆرین. خۆت ئەزانیت باقی ناوچەکانی عێراق جموجۆڵی تیا نیە، باقی پارچەکانی کوردستانیش کش و ماتن. خۆت ئەزانیت هەل و مەرجی ئیستا و هەلو مەرجی دەست پێکردنی شۆرشی ئەیلول زۆر جیایە

وولام...هەرکەسێ وا بەسەر پێ ی سەیری رووداوەکان بکات و لێکدانەوەی قوڵ و علمیانە بەکارنەهێنێ قەناعەتی وای لا پەیا ئەبێ کەممکن نیە شۆرش بکرێ سەربخرێ بەڵام. مقیاسی عیلمی. رێکخراوی شۆرشگێر بەکاری بهێنێ. هەموو بارێکی خەبات و وەزعەکە بە ووردی لێك بداتەوە بۆی دەرئەکەوێ شۆرش ئەکرێ و سەریش ئەخرێ و هیچ نەبێ وەزعی کورد لەم خەتەرییە رزگار ئەکاو ئەیگۆرێ.

نووسەر... کاك ئارام

کاك ئارام... لوتفا ئیزنم بدە قسەم ماوە.

راستە هەل و مەرجی شۆرشی ئەیلول و ئێستا فەرقیان هەیە. پێم وایە فەرقەکان لە ساڵحی شۆرش خەڵکی عێراق و مارکسستەکانایە. چۆن

یەکەم. ئەو کاتە ووشیاری لەناو میللەتەکەماندا تەنها ووشیاری قەومیانە بوو، باسی تەنها باسی کوردایەتی بوو. ئەسڵا مەسەلەی چینایەتی و (م. ل) هەر باوی نەبوو ئەمەش بەراستی جەوهەری سیاسەتی پارتی بوو ئەو کاتە خۆمان پارتی بووین و باش ئەزانین.

دووهەم. عبدالکریم قاسم سەرەرای لادانی بەلای دکتاتوریەتا، بەڵام هێشتا وەکو بەعسی ئیستا درندە و دوژمن بەکورد نەبوو، وەمافە دیموکراتیەکانی وەکو ئیستا پێشێل نەکردبوو. سیاسەتی کوشت و کوشتاریش لە پێ قولەی ئێستا نەبوو.

سێهەم... جەماعەتی لیژنەی مەرکەزیش، دەورێکی گەورەیان هەبوو لەوەی خەڵك لەسەرانسەری عێراقدا دژی رژێم رانەپەرن، ئەوان سیاسەتی سلم بەری نەدابوون بەتایبەتی خەڵك بەعام تەئسیری راپەرینەکانی کۆنی لەدڵ و دەرون دا مابوو. ئەگەر لیژنەی مەرکەزی دەوری شۆرشگێرانەی بدیایە زۆر زیاتر لەجاران خەڵك ئیستعدادی خەباتی هەبوو، بەزۆریش دوای ئەوان ئەکەوتن. ئێستا وانیە لەلایەکەوە گەلەکەمان حەرەکەکەی ماوە، زائدا ووشیاری چیینایەتی، زۆرترو باشتر بڵاو بونەوەی مارکسیزم. بوونی کۆمەڵەو دەورو تەئسیریشی حتما زۆر ئەبێ. پروانەمان بەسەرکردایەتی بارزانی و قیادەی بۆرجوازی جگەلەوانەش دەورو تەئسیری دەرەبەگ و ئاغا و شێخی نفوزداری عەشائیری بەسەرچووە مەگەر خۆمان غیرەتیان بجوڵێنین و سەرووی خۆیان دەوریان بدەین.حکومەتیش ئەوەبوو کەباسمان کرد، ئەتوانم بڵێم تەنها سەردەمی کەمال ئەتاتورك ئەم حەشرە بە کورد کراوە. ئەوان گێلانە ئەیان کرد و ئەمان زووڵانە ئەیکەن و فاشیەتەکەیان بەقسەو شیعار و پارە هەڵرشتن داپۆشیوە. ناوچەکانی تری عێراقیش خۆت ئەزانیت ناکۆکی بنچینەیی ئەم رژێمە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانە واتە ئەساسی ئابوری عێراق ناکۆکی نێوان کاروسەرمایە تحدید ئەکات چونکە ئابوری سەرمایەداری طفیلی دەوڵەتیە. باچاولەوەنەکەین حکومەت خۆی بەنوێنەری هەموو عەرەب ئەزانێت و بە (امە عربیە واحدە) کوێری کردوین. بروام وایە عەرەبێکی کەمی لەگەڵایە و ئەوانیش لەبەر گیرفانیانە نەك لەبەر عەفلەق و بکر و صدام. بۆیە پێم وایە ئەگەرلەکوردستان وەك مارکسستێکی ووشیار بجوڵێینەوە و بیروباوەری راستی خۆمان بڵاوبکەینەوە و ئەدەبیاتمان تەرجومە بکەینە سەرزمانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەگەر رۆژنامەو مجلە و ئیزگەمان هەبێ وە تەحلیلی عیلمیانەمان هەبێ بۆ ئەوزاعی ئابوری و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسی، دڵنیام ئەتوانین تەئسیری زۆرمان هەبێ بەتایبەتی لەم هەل و مەرجە کەلیژنەی مەرکەزی وەکو سەرەتای شەستەکان و کۆتایی پەنجاکان دەورو تەئسیری نەماوە بۆساردکردنەوەی خەڵك بە سیاسەتی سلمیانە.تەحالفیشیان لەگەڵ حکومەت لەناو زەلکاوی تطوری ناسەرمایەداری خنکاندونی. حکومەتیش تەنها ئیجازەی (طریق الشعب) ی داوون. هەرچی چالاکی تر هەیە لێ ی ممنوع کردون لەم ماوەیەدا ئەیانگێرایەوە گوایە لەشارێکی جنوبا حیزبی شیوعی مەقەری داناوە و قطعەیەکی زلی هەڵواسیوە (مقر حزب الشیوعی العراقی) زۆر دڵیان پێ ی کراوەتەوە. کەبەیانیەکەی لەخەو هەڵئەسن لەژێر قطعەکەدا بەعسیەکان،یا قۆشمەیەك نووسیویەتی (لصاحبە حزب البعث العربی الاشتراکی) ئەوە نمونەیەکی ساکاری وەزنی حیزبی شیوعیە.

پرسیار... جەنابت پێت وایە لەئایندەدا وەزعی باقی ناوچەکانی عێراقیش ئەگۆری و ناکۆکیەکان ئەتەقێتەوە ؟

ووڵام... حتما ئەی تۆ بڵێ ی بەعس بتوانێ عیلم و مەنتقی سراعی طبقی بگۆرێ ئەمرۆ لەکوردستاندا سراع تەقیوەتەوە، سبەینێ، ساڵی تر چەند ساڵێکی تر ناوچەکانی تری عێراقیش ئەگرێتەوە. بۆئەم مەسەلەیەش ئێمە فاکتەرێکی باشین و دەوری باشمان ئەبێ بەشەرتێ ئێمە بزانین چۆن کارئەکەین، وە ئەوپەری یارمەتی تێکۆشەرانی باقی ناوچەکان بدەین، نووسین و تەحلیلی باشمان هەبێ. تەنانەت ئەوەش بەراستی ئەزانم لەگەڵ حیزبی شیوعیش هەوڵ بدەین وازلەو سیاسەتە بۆگەنە بهێنن بۆئەوەی دوژمن سووك و رووت بکرێ و بەتەنها لەساحەکەدا بمێنێتەوە، جگەلەوانە ئیحتیمالی ئینقلاب و رووداوی تریش لەعێراق و ناوچەکەدا هەیە کەهەرچیەك رووبدات قازانجی شۆرشگێرانی تیایە چونکە گۆران ئەبێ.

ئەوەش بەدوور نازانرێ لەئێران و تورکیا گۆرانی گەورە رووبدات، خەڵك لەو دوو حکومەتە، لەشاو فاشستەکانی تورکیا زۆر پرە، ئێران حەرەکەی مارکسی و دیموکراتی و دینی تیایە، تورکیا حەرەکەی چەپ

زۆر بەقوەتە تیایە، کوردستانی تورکیاش جموجۆڵی سیاسی و نقابی تێ کەوتووە. هەرچەند بەووردی مەعلوماتمان نیە بەڵام ئومێدمان هەیە گۆران ببێ قازانجی زۆری تیایە.

پرسیار... بەپێ ی قسەکانی جەنابت بێ شۆرش لەسەداسەد دەست پێ ئەکات

وولام... بەڵێ لەسەداسەد هەرئەمساڵیش دەست پێ ئەکاتەوە و لەم رێگایە زیاترمان نیە.

پرسیار...باس لەناو خەڵکا هەیە کەیەکێتیش لەسوریا خەریکە و مەعسکەری پێشمەرگەیان کردۆتەوە. ئەمە راستە یان نا ؟

وولام... بەڵێ راستە و ماوەیەکیشە ئەمە ئەزانین.

پرسیار... حەز ئەکەم بزانم پەیوەندی نێوان یەکێتی و کۆمەڵە چیە و چۆن یەکێتی دامەزراوە

وولام...قەناعەتت هەبێ لەئەدەبیاتی یەکێتی تەنها کوراسێکمان دیوە بەناوی (الاتحاد الوطنی لماذا). خۆم گوێم لەبەیانی دامەزراندنیشی بوو لەئیزگەی سوریا. کاتی خۆشی لەگەڵ کاك شەهاب قسەم کردووە و ئەیووت لەگەڵ مام جەلالا وارێك کەوتوین کەیەکێتی رێکخستنی فراوانی کۆمەڵە بۆئەوەی رێبازی کوردایەتی دیموکراتی بگرێتەبەر، سەرکردایەتێکەشی بەدەست کۆمەڵەوە ئەبێ. حتما بەم پێ یە قبوڵمانە وخۆشمان ماوەیەك لەمەو بەر هەرواەمان بیرکردۆتەوە کەکۆمەڵە ئەبێ کارێکی وابکات خەڵکێکی فراوان بۆمقاوەمەت و شۆرش کۆبکەینەوە و قیادەکەش بەمسۆگەری لەدەست خۆمان بێت. کەئێستا یەکێتی دامەزراوە و بەحساب کاتی خۆی هاورێ یانی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیتیفاقیان کردووە لەسەر دامەزراندنی یەکێتی. هیواداریں بتوانین ئێمەو برادەرانی دەرەوەی وولات هەموو مەسەلەکان لەسەر ئەساسێکی باش بگونجێنین و ئەمجارەیان شۆرش پێشرەوی راستەقینەی هەبێ.

پرسیار... ئەمە دەوری کۆمەڵە ناشارێتەوە و یەکێتی وورده وورده کۆمەڵە قوت نادات ؟

وولام... پاراستنی سەربەخۆی کۆمەڵە و دەوری پێشرەوایەتی کرێکاران بە گرنگترین مەسەلە ئەزانین وەئەم مەسەلەیە جەوهەرییە ناکەینە قوربانی هیچ مەسەلەیەکی تر، وەلەوەش دڵنیا ئەبین کەیەکێتی بەفرمانی سەرکردایەتی و فکری کۆمەڵە ئەجوڵێتەوە، ئەتوانین شێوەی خەباتی باشتر بدۆزینەوە و هاوکاری یەکێتیش بکەین. حەزئەکەم ئەوەش بزانین کەپەیوەندیمان بەمام جەلالیش هەیە و پێشنیاری کردووە کەئێمە ریکخستنەکانی یەکێتی دامەزرێنین. جامەعقولە بەدەستی خۆمان رێکخستنێ دامەزرێنین لەپاشەرۆژدا سواری کۆڵی رێکخستنە ئەساسیەکەی خۆمان ببێ. ئێمە وەکو تەتەروف ناکەین کۆمەڵە بەهەموو شتێ بزانین، بەڵام ئیهمالیش ناکەین کۆمەڵە سەرببرن و سەیریان کەین کەئەش لێم کۆمەڵە، مەبەستم چوارچێوە تەسکەکەی نیە مەبەستم مەوقیعە چینایەتی و رێبازی مارکسی کۆمەڵەیە کەدڵنیام لەگۆران و گەشەکردنی.

پرسیار... ئەی باشە بیرتان لەوەکردۆتەوە کەیەکێتی مام جەلال وچەندین کەسی تر گوایە کاك نەوشیروانیشی تیایە و بەهاتنەوەیان خەڵکێکی زۆر و بۆر کۆئەکەنەوە و مام جەلالیش ناوو ناوبانگی زۆرە و حتما ئیمکانیەتیشیان ئەبێ ئەوانە تەئسیر ناکەنە سەر وەزعەکە و نەخشەمان لێ تێك بدەن ؟

وولام... ئەم پرسیارەی تۆ لەم رۆژانەدا لەگەڵ هاورێ یەکی مختەفی خۆمانا موناقەشەمان لەسەرئەکرد. ئەویش رای وابوو کەهاتنەوەی مام جەلال و قەبەکردنی یەکێتی زەرەری بۆکۆمەڵە ئەبێ و هەرئەوان ئەبن بەشت. منیش رام وایە کەئەگەر کۆمەڵە بتوانێ ریزی چینایەتی و سیاسی شۆرشگێرانەی بەپاکی بپارێزێ و بەکردەوەش بتوانێ سقەی خەڵك بۆلای خۆی راکێشێ، لەپاشەرۆژدا بەرنامەیەکی چینایەتی شۆرشگێرانە دارێژێ کەمەسەلەی گەلەکەمانی تیا بەباشترین شێوە لێك دابێتەوە. ئیترپێم وانیە یەکێتی و حتی مام جەلالیش لەفەرزێکا خراپیش بن بتوانن کۆمەڵە قوت بدەن. چونکە مەسەلەکە شەخسی و

شەخسیەت نیە مەسەلەکە فکرو ممارەسەیە. فکر باش بوو، ڕێکخستن بەهێز بوو، ممارەسەی شۆرشگێرانە هەبوو، گرەوی زۆران ئەبەیتەوە. ئەوانەشت نەبوو، حتما بەناچاری خەڵك دوای ئەو شەخس و لایە ئەکەوێ کەدیفاع لەکورد ئەکات. بەڵام کەچاك و خراپ هەبێ لەناو شۆرش دا، بێ شك چاکەکە سەر ئەکەوێ.

ئێمە ئەزانین هەندێ کەس هەیە لەهەیئەی تەئسیسی یەکێتی نەك بەسەرکردایەتی خۆمانی نازانین، بەڵکو لەحەلقەی سەقافی کۆمەڵەش بەهەزار حاڵ دایئەنێین. بۆ نمونە لەم ماوەیە لەنامەیەکدا مام جەلال نووسیویەتی کە سڵاوی عادل مراد بگەیەنین بە یەکێتی خوێندکاران. رەنگە مام جەلال وابزانێ خوێندکاران لەبەر دووری عادل مراد خەویان لێ ناکەوێ. عادل مراد هەرجاسوسی بۆ پاراستن کردووە لەسەر کۆمەڵە ئێستا ئێمە بەسەرکردەی خۆمانی ئەزانین و سڵاوی ئەگەیەنین بەخویندکاران. ئەی نەیخواردبێ. جگە لەوانە مام جەلال ووتویەتی و لەنامەشدا بۆئێمەی نووسیوە کەپشتم بەکۆمەڵە قایمە کەدێمەوە بۆکوردستان. داوای کردووە هەرلە ئێستاوە بیر لەدرووست کردنی بیست تا سی پێش مەرگەی بۆ بکەینەوە. جائەگەر هاتەوە و زانیمان فعلا راست ئەکات و تەجروبەی وەرگرتووە و پشتی بە ئێمە قایمە بەتەئکید پێمان خۆشە و چیش بەئێمە بکرێ یارمەتی ئەدەین. خۆئەگەر بۆمان دەرکەوت بەهەمان عەقڵیەتی جاران لێ ئەخورێ و ئەیەوێ پشتمان بۆبۆجوازیەت بدابەعەرزا ئەوا لەپێشەوە ووتم کۆمەڵە و رێبازەچینایەتیەکەی لەهەموو مەسەلەو شەخسێ خۆشتر ئەوێ. عەقڵمان هەیەو بیر ئەکەینەوە رێکخراوەکەمان لەیەکێتی بەهێزترە و رێبازەکەشی شۆرشگێرانەیە. ئەوان مەجبوری سیاسەتی راستی ئێمە نەبن. قەت ئێمە مەجبوری سیاسەتێك نابین رێکخراوەکەمان بفەوتێنێ. رابوردوشمان لەبەر چاوە، دونیاش وەکو جاران نەماوە تاسەرکردە کۆنەکان وابزانن وەکو مەلیکی هەندێ ووڵات وان بۆ هەتەهەتایە هەڵبژێرابن بۆمەلیکی.

بارزانی تا ساڵێ لەمەوبەر هەموو نەتەوەی کورد ئەیپەرست، بەڵام وای لەخۆی کرد هەموو نەتەوەی کورد رقی لێ ی بێ.مام جەلال بەچەند قۆناغێکا تێپەر بووە جاری وابووە زۆر خۆشەویست بووە. جاری واش بووە لەو ناخۆشەویستر لەکوردا نەبووە.

کەواتە فکر و کردەوە و دڵسۆزی تاسەر مقیاسن. نەك ناووناوبانگی. بەش بەحاڵی خۆم نایشارمەوە ئامادە نیم ریشی خۆم بدەمە دەست هیچ کەسێ ئەگەر لەدڵ و دەرونی دڵنیا نەبم.

بالەمەش زیاتر لەسەر ئەمە نەرۆم چونکە لەپاشەرۆژی نزیك دا هەموو شتێ روون ئەبێتەوە.

پرسیار... یەعنی بەرێزت پێت وایە هاتنەوەیان مشکیلەیەکی ئەوتۆ نیە ؟

ووڵام... کاکە گیان من وام نەوتووە، من ئەڵێم پێویستە ووردتر سەیری ئەم مەسەلانە بکەین و باوەرمان بەخۆمان هەبێ، باوەرمان بە بیروباوەرەکەمان هەبێ کەراستترین بیروباوەرە وهی شۆرشگێرترین چینی کۆمەڵە... ئاخر ئەگەر ئێمە راستگۆ بین لەگەڵ کرێکاران و ووشیار بین لەجێبەجێ کردنی مارکسیەتدا،وەئەگەر مام جەلال و هەرکەسێکی تر دژی ئێمە بێ و ناراست بێ و خزمەتی بورجوازیەتی شکاوی کورد بکات، بۆئیتر بترسین و هەر ئەوانیش سەرکەوتووبن. بەڵێ ئێمە هەروا بەبچوکی تەماشای خۆمان بکەین و وابزانین هەروائەمێنین، حتما هیچ بە هیچ ناکەین. بۆ نمونە لینینی عەزیم، کەلەسەرەتاوە دەستی کرد بەنوسین و تەحلیل، پیشانی بلیخانۆف و سیاسیە کۆنەکانی ئەدا پێیان ئەووت ئەمەی تۆ نووسیوتە مارکسیەت نیە. لینینیەتە. بۆگاڵتە وایان پێ ئەووت. چونکە لینین باوەری بەخۆی بوو، کۆڵی نەدا فعلا لینین لینینیەتی چەسپاند و شۆرشی ئوکتۆبەریشی سەرخست... هۆشی منە لەناو باخیرە کەناس بوو. بیریشی لەشۆرش و سەرکردایەتی ئەکردەوە بووش بەسەرکردەی قارەمانترین گەلی ئەم سەردەمە و سەرکردەی ئیمپریالیزمیان بەزاند. لینین و هۆشی منە و ماوو سەرکردەکانی تریش. سەرکەوتنیان ناگەرێتەوە بۆئەوەی هەریەکێکیان سوپەرمانێك بوون و هەرئەبوو سەرکەون. سەرکەوتنیان ئەگەرێتەوە بۆ

ڕێبازە ڕاست و عیلمیانەکەیان، بۆ پرۆلیتاریا، بۆ مارکسیەت و خەڵك. بێگومان دەوری شەخسی و خۆشیان قەت بیرناچێتەوە. ڕەنگە ئێمەمانان قەت نەبینە ئەوان، بەڵام ئەتوانین بۆ گەلەکەی خۆمان و ڕەنجدەرانی سەرکەوین و کاری شۆرشگێرانە بکەین.

پرسیار... باسی کاك نەوشیروانت نەکرد

وولام... کاك نەوشیروان و مام جەلال فەرقیان هەیە. کاك نەوشیروان کەچووە دەرەوە کۆمەڵە بوو. شەخسی ئەوەندەی بیناسم زۆر دڵی بەشیوعیەت و ڕێکخستنی مارکسی لینینی خۆش نیە و گاڵتەی لێ دێ.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا لەسەر ئەم مەسەلانە نەگونجا لەگەڵ کاك شەهاب و ڕۆیشت بۆ خارج. هەرچەند ڕەفیقین و بەڕاستی خۆشیشم ئەوێ بەڵام جاران ڕەق بوو، کورتیەکەی کەهاتیشەوە بۆ کوردستان ئەگەر ئامادە بێ ئیش بۆکۆمەڵە بکات ئەبێ ئاگامان لەکەم و کوری یەکانی هەبێ چونکە نامەیەك لەهاورێ ئەنوەر شاکلیەوە بۆ کاك مەلا بەختیار هاتووە. زۆر باسی فەردیەت و ڕەقی نەوشیروان ئەکات هەروەها فەردیەتی مام جەلالیش. کاك بەختیاریش نایاناسێت و نامەکەی پیشانی من داو ئەیویست ڕاستیەکەی بزانێ. لەوە ئەچێ ڕەقیەکەی کاك نەوشیروان نەگۆڕابێ. لەم بارەوە مەترسیم هەیە بۆ یەکێکی وەکو کاك نەوشیروان هەم باوەری بە شیوعیەت نەبێ و هەم ڕەق بێ هەم و کاتی خۆی بەعاجزی کۆمەڵەی بەجێ هێشتبێ. کەبیبینم ئەتوانم هەموو شتێکی بەسەراحەت پێ بڵێم دڵنیاشم ئەویش هەموو شتێ بەمن ئەڵێ. ئێستا ناتوانم حوکمی تەواوی لەسەر بدەم بەتایبەتی چوار ساڵ زیاترە رویشتووە و خەبەری ئەوەنە نازانین. بەڵام ئەوە تەئکید ئەکەمەوە سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵەو بیروباوەری پیرۆزی مارکسیەت سەرووی هەموو ئیعتباراتێکە بەلامەوە، ئەگەر چی هەوڵیش ئەدەین لەسەر مستوای شەخسی کەسیش لەخۆمان عاجز نەکەین و ئیحترامی هەموو یەکێ ئەگرین.

پرسیار... باشە ئەو هەموو هاورێ یانە لەدەرەوە بوون کاك شەهاب، کاك نەوشیروان وبە حساب مام جەلال وەکو سکرتێری کۆمەڵەش چۆتە دەرەوە، ئەمانە بۆ عیلاقەی ئومەمی هیچیان کردووە.

وولام... جارێ مام جەلال ڕاستە سکرتێر بوو، بەڵام ئیستقالەی لەسکرتێری کردووە. کاك نەوشیروانیش ئەوەندەی ئەیزانم لەوکاتەوە ڕویشتوە بۆ خارج خەریکی خویندنە و حەقی بەسەر کۆمەڵەوە نەماوە و کتێبەکەی تەواو کردبێ خزمەتێکی گەورەیە. کاك شەهاب نەبێ بەردەوام مولتەزیم بوە و وەك سکرتێری کۆمەڵەش لەدەرەوەیە.

بۆئەوەی عیلاقەی ئومەمی هیچ کراوە یان نەء، بەش بەحاڵی خۆم وائەزانم لەم بارەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە. هویەکەشی سیاسەتی هەڵەی کۆمەڵەیە. قەناعەتم هەیە ئەو هەموو ماوێتیەی دەستیشمان دابویە، تائێستا چین مەرحەبای نەکرد وین. ئەگەر وانەبووایە یەکێك لەو مەسئولانەی کۆمەڵە سەرێکیان ئەدا لەچین یان لە ئەڵبانیا. بەدزی بێ یا بەئاشکرا. ڕەنگە لەگەڵ فەلەستینیەکان، ئەویش جەبهەی شەعبی پەیوەندیەك هەبێ. ئەویش لەمستوای پێویستی نیە و وورده مەرحەبایە. من خۆم لەخارج کاك شەهابیشم دی. هەروەها مام جەلالیش.قسەمان لە سەرهەمو شت کرد شتێکی ئەوتۆیان نەکردبوو. ئێستاش کەلەهەموو کاتێ محتاجترین هاتۆتە سەر سوریا و بەس، سوریاش لەبەر مارکسیەت و عیلاقەی ئومەمی یارمەتیمان نادات. بەڵکو لەبەر ئەوەی ناکۆکن لەگەڵ عێراق یارمەتیمان ئەدەن.

پرسیار... مادام باسی چین و ماوت کرد پێم خۆشە لەم بارەشەوە پرسیار بکەم.

وولام... فەرموو وادیارە زۆرت پێ یە و کەمی دەرئەخەی.

پرسیار... دوای درووست بوونی کۆمیتەی هەرێمەکان وادەرئەکەوێ مەسەلەی چین و ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت کەمتر باسئەکرێ حتی کەمتر ناوی ماویش دێت هۆکەی چیە ؟

وولام... لەوولامی پێشترم ئیشارەتێکم بەم مەسەلەیە دا مادام بەتایبەتی پرسیارت کرد بەدوورو درێژی قسە ئەکەم.

ئەوەی راستی بێ ئەم مەسەلەیە لەمێژە لەناو کۆمەڵەدا ناکۆکی لەسەرە.بەردەوام من یەکێك بووم لەوانەی ئەم جۆرە سیاسەتەی کۆمەڵەم رەفز ئەکرد، وەزۆرم هەوڵ داوە سیاسەتی کۆمەڵە وانەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی بایەخ بەم لایەنانە دراوە، بایەخ بەدروستکردنی رێکخستن و پەروەردە کردنی هاورێ یان و قاڵ کردنی کادران نەدراوە. لەهەموو ناخۆشتر ئەوەیە وەنەبێ ئەوشتانەی ووتراوون و نووسراوون نەتیجەی لێك دانەوەی وورد و بەڵگەی تەواو بن باوەرم وایە زۆری ئەوشتانەی نووسراون هەموو ووتنەوەی قسەی چین و ئەڵبانانیەکانە. بگرە حتی مسطڵەحاتەکانیش وەکو (تنازع و تواطی و...تا) لەوان نەقڵ ئەکران. کۆمەڵە واهاتووە کەسۆڤیەت ئیمپریالی ئیشتراکیە. ئەگەر لەهەر کادرێکی کۆمەڵە بپرسیت بۆناتوانی علمیانە جوابت بداتەوە و قەناعەت بەخەڵکی شارازا بکات. بەش بەحاڵی خۆم، خۆم وا ئەبینم لەم بارەیەوە دراسەی زۆرتر و قوڵترم پێویستە

جگەلەوە ئەوەندە ناوهێنانی ماوتسیتونگ بۆ، ماو خۆی ئەڵێ من مارکسیم. ئیتر بۆ ئێمە لەهەموو عیبارەتێکا و لەهەموو موناقەشەیەکا ناوی ماو بخەینە ناوانەوە، ئەم جۆرە سیاسەت و فکرەیە راست نیە و مستقبل دەری ئەخات.

سیاسەتی ئێستای چین لەشیلی و بەنگلادیش لە ئێران لەسودان هی دەوڵەتێکی ئیشتراکی راستەقینە نیە، کەبەحساب سۆڤیەتی پێ ئیشتراکی ئیمپریالیە. لەم شەوانە گوێم لەبەشە عەرەبیەکەی ئیزگەی چین گرتبوو. چارەکە سەعاتێ لەسەر ئەوە رۆیشتووە کەقەسرێکیان بۆ حکومەتی سودان بەدەیان ملیۆن دۆلار درووست کردووە و سەرپاکی قەسرەکە مەرمەرە و جوانترین سەلیقەی مەعماری چینیان تیا بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی پارە لە حکومەتی نومەیری وەربگرن شانازییان بەوە ئەکرد کەبێ پارە ئەم قەسرە عەزیمەیان دروست کردووە. بۆکییش بۆ نومەیری. ئاخر ئەمە بەچی تەفسیر ئەکرێ ؟ نومەیری سەرکوتگەری کۆمۆنیستەکان و پیشکەوتنخوازەکانە و نوێنەری کۆنەپەرستانی عەرەبە. کەچی چین شانازییان پێوە ئەکات. ئەم راستیانە بێ ئەساسی چینایەتی و فکری نین لەناو دەوڵەتی چین و حیزبەکەی دا.

قەناعەتم وایە دەیان رێکخراوی شۆرشگێر هەیە موحتاجی کەمترین یارمەتی و شوێنێکن تیا بحەوێنەوە کەچی چین قەسری دەیان ملیۆنی بەبەلاش بۆ سودان درووست ئەکات. هەرلەبەر ئەوەی مۆری چینی پێوەیە ئیتر شایەتمانی بۆبێنین. من کەئەمە ئەڵێم دەوری گەورەی شۆرشی چین و ماو بۆ گەلی چین و وەك تەجروبەیەکی تاریخی وون ناکەم و ئەمەم لەبەرچاوە و سەرکەوتنی شۆرشی چین لەو هەل و مەرجەی چین دا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و تەجروبەیەکی بەنرخە. بەڵام ئەو تەجروبەیە قۆپییە بکرێ و هەرچیەکیش چین بیکا و بیڵێ بەراستی بزانین و تەقلیدی بکەین خراپە. ئێمە ئەبێ وەزعی کوردستان و عێراق و دونیا وورد لێك بدەینەوە و بەرنامەی چینایەتی خۆمان دارێژین.

پرسیار... ئەی سۆڤیەت...

وولام... من پێم وایە پێش هەموو شتێ نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کەلەژێر تەئسیری خۆبەستنەوە بەسیاسەت و فکری چین، ئێمە لەسۆڤیەت ووروژاوین و بەراست و چەپ جنیوی ئەدەینێ. لەکاتێکدا لەسەرکردایەتی کۆمەڵەش بپرسین بۆ سۆڤیەت ئیمپریالی ئیشتراکیە ئەبێ بڵێ (صین مسعورە) وائەڵێ.چونکە هیچی تری پێ نیە. بەش بەحاڵی خۆم ئەڵێم دەوڵەتێکی وەکو سۆڤیەت بەتەقلیدی چین

نابێ پێ ی بڵێین ئیمپریالیە، یان تەحریفیە ئەم مەسەلەیە دراسەی قوڵ و ووردی ئەوێ لە رووی ئابوری و سیاسی و واقیعی کۆمەڵایەتیەوە هەتا بتوانین رایەکی علمیانە مەوزوعی پێك بهێنین و مەوقعی خۆمان دیاری بکەین.چەندین مەسەلەی تریش هەیە کەپێویستە بچینەوە سەر سەرچاوە ئەسڵیەکانی مارکسیەت و دراسەی قوڵ بکەین. بەڵێ هەندێ مەسەلە هەیە زۆر ئاشکرایە هەڵەیە و پێویستە بەتوندی دژی بین وەکو تەتەوری لارەئسمالی، وەکو قەبوڵ کردنی سیاسەتی کلکایەتی، وەکو ئەو سیاسەتەی هەر ئەبێ لەرێ ی حیزبە شیوعیە رەسمیەکانەوە یارمەتی گەلان بدەن هەرچەند ئەمە لەناو فەلەستینیەکان گۆراوە و حەق وایە لەهەموو دونیا وابێ. چونکە لەهیچ وولاتێك نیە پێچەوانەی حیزبە شیوعیە رەسمیەکان رێکخراوی نەبێ و زۆر جار گەلان شۆرش ئەکەن ئەو حیزبانە هێشتا لەخەو هەڵنەساوون.

ئەوە نمونەی جەزائیر، تارادەیەك کوبا، وولاتانی عەرەبی بەعام بۆ بۆرجوازی حوکم دارە، ئەوە کوردستان،فەلەستین...کەئەم قسانەش ئەکەم بەو مەعنایە نایڵێم کە ئێمە لەخەتەری تەحریفیەت خۆمان دوور نەخەینەوە تەحریفیەت پیسترین نەخۆشیە لەسەردەمی مارکسەوە هەبووە تا سەردەمی لینین و وولاتانی تر و ئێستاش لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا زۆر بەهێزە. مەبەستی من ئەوەیە دوورلەتەئسیری ئەم دەوڵەت، ئەو تەجروبە و ئەم تەجروبە، خۆمان عەقڵی دراسە و زانستی بخەینە کار و لەروانگەی پرۆلیتاریاوە حوکم بدەین و فکری خۆمان دیاری بکەین. ئەم حەقەش نەچین رێمان لێ ئەگرێ و نەسۆڤیەتیش. ئەوان ئێمەیان هەر لەبیر نیە.

پرسیار... ئەم مەسەلانە بەجێ ئەهێڵم و پرسیارێکی تایبەتیت لێ ئەکەم

هاورێ ئارام...فەرموو، بابزانین ئەم پرسیارە تایبەتیەت چیە.

قسە لەوە هەیە گوایە کۆمەڵە لەزووەوە سراعی تیایە و بەرێزێزیشت هاورێ یەکیت لەوانەی زۆر شت هەیە بەراستی نەزانیوە و دژی بویت ئەمە راستە ؟

وولام... بەڵێ ئەمە راستە و بێ ناکۆکی و سراع هیچ رێکخراوو و حیزبێ ناتوانێ گەشە بکات و پێش بکەوێ، ناکۆکی جەوهەری زیندووی پێشکەوتنە، مارکس لە سراع و ناکۆکی و رەخنە ناترسێ. چونکە حەقیقەت لەوانەوە باشتر دەرئەکەون. ئەدەبیاتی مارکسیزم لەسەردەمی مارکسەوە تا ئێستا سراع و ناکۆکی فکری و سیاسی لێ دەرکەیت، ئەبێتە فەلسەفەیەکی ووشك و بێ مەعنا.ئەساسی فەلسەفەی مارکسیش لەسەر ناکۆکی بنیات نراوە. ئیتر چۆن ئێمە لەناو وولاتێکی دواکەووتوا لەموجتەمەعێکی چینایەتی و لەناو ئەم هەموو رووداوانە تەنزیمێ درووست ئەکەین و سراعی تیا نەبێ.

پرسیار... حەزئەکەم بەتایبەتیش لەسەر هۆی سراعەکە و ئەساسی ناکۆکیەکان شتێ بفەرموویت.

وولام... خۆت ئەزانیت کۆمەڵە بۆیە درووست بوو کەرێکخراوێکی مارکسی – لینینی بێ، رێکخراوی چینی کرێکاران بێ. بەڵام بەداخەوە لەرووی فکری و سیاسی و تەنزیمیەوە هەڵەی قورس قورسی وا کراوە کۆمەڵەی زۆر دواخستووە و چارەکێکی ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ نەکردووە.

لەرووی فکرەوە باسمان کرد، فکری چینیستی و ماوێتی زاڵ بوو، سەرچاوە ئەسڵیەکانی مارکسیزم کەمترین بایەخی پێدراوە. من پێم وایە تەنها بەفکری ماو رێکخراوی (م.ل) راستەقینە درووست نابێ، چونکە هەموو وولاتێ و خەباتی هەموو گەلێ وەکو چین نیە. ئەتوانم بڵێم کۆمەڵەی ماوی – مارکسی بووە نەك مارکسی – لینینی.

لەرووی سیاسیشەوە، تائێستا کۆمەڵە وەزعەکەی لەسەر ئەساسی ناکۆکی بنچینەیی دیاری نەکردووە کەخۆت ئەزانیت ناکۆکی بەینی کارو سەرمایەیە. بەمەعنای تر بلێم هاورێ یانی کۆمەڵە سەرخانی لێك

دانەوەکان ئەزانن کەحکومەت بورجوازی و پارتی یەمینیە و حیزبی شیوعی تەحریفیە. بەڵام ژێرخانی لێك دانەوەکان کەمەسەلە ئابوری یەکەیە نازانن کەپێشم وایە ئەمە گەورەترین کەلێنی عیلمیانیە لەناومانا هەیە، چارەسەرنەکردنی ئەمەش لەپاشەرۆژدا کەرووبەرووی ئەرکە قورسەکان ئەبینەوە ئێمەش دائەتەپێنێ و ئەبینە دژی مارکسیەتیش. خۆت ئەزانیت حیزبی مارکسی لەسەر ئەساسی چینایەتی دائەمەزرێ و ئەساسی ئابوری دیاری ناکری.

لەرووی تەنزیمیشەوە، تەنزیمەکەش مقیاسی چینایەتی تیا بەکار نەهێنراوە، خۆت ئەزانیت کەلەبەیانی ئازاردا وەزع خۆش بوو بازاری سیاسەتیش گەرم بوو. کۆمەلەش ئەو کاتە دامەزراوە... ئیتر هەرکەسێ لەسەر دەمی جەلالیا باسی مارکسیەتی کردبێ زۆر باوەری پێ کراوە و ناوی نوسراوە. بەبێ ئەوەی ئەوە لێك بدرێتەوە کەسەردەمی جەلالی و دوای و ئەوەش مەترسی نەبووەو و ئەوکاتە زۆر کەس خۆی بەمارکسیەتەوە با ئەدا. بەڵام ئایە هەموو ئەوانە مستەحەقی تەنزیم کردن بوون، نەخێر.

هەر بۆیە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە کێشەی گەورە کەوتۆتە ریزەکانیەوە لەسەر عێراقی و کوردستانی و چەندین کادری ئەساسی دوورکەوتنەوە. مام جەلال بەپەلە کرا بەسکرتێری کۆمەڵە چونکە بە حساب لەو زیرەکتر نەبوو. کەچی رویشتە دەرەوە و ئیستیقالەشی لەسکرتێری کرد. بەتەئکید هەر لەبەر کێشە بووە. کاك نەوشیروان و تەیارێك کەئەو سەرپەرشتی ئەکردن هێنرانە ناو کۆمەڵەوە دوای ماوەیەك ئەمیش رۆیشتە دەرەوە و لەئەوەڵیشەوە ووتمان هەرلەبەر کێشە بوو.

بەردەوام سەرکردایەتی کۆمەڵە لەناو خۆیانا ناکۆك بوون و نەئەگونجان. کۆمیتەی سلێمانی سراعی توندی لەگەڵ سەرکردایەتی هەبوو. گەیشتە تەجمید و تەجمیدکاری.

کاك شەهابیش رۆیشتە سوریا و لوبنان ئەوەندەی ئاگاداری سەرکردایەتی بم دوو ئەندامی سەرکردایەتی مانەوە فەرەیدون و حەمەی مەلا عەباس. ئاخر ئەم دوانە چۆن ئەتوانن رێکخراوی سەرکردایەتی بکەن. جارێ حەمەی مەلا عەباس لەسەردەمی فەهدەوە سیاسیەکی فاشل بووە و لەوکاتە ئیعترافی کردووە. کەچی کراوە بە سەرکردایەتی و دیسان ئیعترافی خراپی کردووە و ئیستا لەسجنا گەورەترین موشکیلەیە بۆیان. هەرچەن خەڵکی تریش زۆرە ئیعترافی کردووە. فەرەیدون کەئێستا لەسجنایە و جورەها قسەی سەیر سەیری لەسەر ئەبیسین پروات هەبێ کاتی خۆی ئەوپەری هەوڵی ئەدا بیکەنە ئەندامی سکرتاریەتی ئیتیحادی تەلەبە. شەو رۆژ ئاڵا بووە من و فازلی مەلا مەحمود و دارۆ هەر نەمان کرد.لەبەر ئەوەی پیاوێکی زۆر زاتی و فشەکەر و ئەنانی بوو،

دوای دامەزرانی کۆمەڵەش ئەمان بینی زۆر خۆی لە مام جەلال و کاك شەهاب نزیك خستبووەوە. من و نجم الدین و دارۆ رۆژێ بە کاك شەهابمان ووت، کاك شەهاب فەرەیدون هی ئەوەنیە موفاتەحە بکرێ بۆ کۆمەڵە و بکرێتە ئەندام، باهەر لەحەلقەی سەقافیا بێ ئەگەر بۆ کۆمەڵە قسە ئەکەیت. کەچی لەپر بیستمانەوە فەرەیدون سەرکردایەتی کۆمەڵەشە. باسی ئەوە ناکەم کە 1974 چوینە دەرەوە چەند بێ بەرنامە و بێ ئەساس رویشتین. باسی ئەوە ناکەم بۆ لەکاتی ئاشبەتاڵ مقاوەمەتیان نەکرد، چونکە ئەوانە باش ئەزانیت.پێم وایە ئەوەش ئەزانیت دوای ئاشبەتاڵ حکومەتیان بەناکۆکی سانەوی دانا. قەواعدی کۆمەڵە لییان هەڵسا ئیتر شتەکانی تر ئەزانیت کە چیان کرد و چیان نەکرد.

پرسیار... ئەی ئەم گرتن و راونانە لەچیەوە هات

وولام... کەگرتن و راونان دەستی پێکرد، یەکەم جار کابرایەکی حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی گیرا، حەلقەی وەصڵ بوو لەبەین سەرکردایەتی کۆمەڵە و مام جەلال و ئەوان. دیار بوو مەترسی بڵاو بووەوە. منیش چومە لای کاك شەهاب و لەم بارەوە قسەمان کرد. بەراستی کاك شەهاب بە عەزیمەتێکی پۆلاییەوە قسەی ئەکرد و زۆر هێمن و لەسەر خۆ بوو، زەرەیەك گوێ ی نەئەدایە.

ووتیشی وەختی ئەوەمان نیە تووشی گرتن و راونان بین. یاخو ئەو کابرایە ئیعترافی نەکات چونکە یەکسەر سەرکردایەتی کۆمەڵەش ئەگرێتەوە. ووتی ئەگەر ئیعترافیشی کرد ئەبێ واخۆمان حازر کەین لەم ئیمتحانە سەربەرزانە دەرچین. چەند رۆژێکی خایاند و گرتن و گرتن هەموو لایەکی تەنیەوە. کاك ئەنوەر لە بەغا گیرا، حەمەی مەلا عەباس دوای ئەوە چەندین کەسی تریش. کورتیەکەی سەر لێ شێواوی دەستی پێکرد. هەڵەکە ئالێرەوە دەست پێئەکات کەوا دەرکەوت ئەو کابرا عەرەبەی حەرەکەی ئیشتراکی پەیوەندی بە کاك ئەنوەر زۆرابەوە هەبووە... ئەبوایە کاك ئەنوەریان بشاردایەتەوە و هەر ئیختیفای بکردایە.

کەئەو وەزعەش درووست بوو بەراستی بەپێ ی قسەکانی کاك شەهاب من وام ئەزانی کۆمەڵە ئەچێتە شاخ و سەرکردایەتی رێکخستن ئەکەن و خۆیان بۆ شۆرش حازر ئەکەن. کەچی لەپر کەوتنە رێ بۆ ئێران و لەوێوە بۆ سوریا. من بۆتاریخ قسە ئەکەم ئەم چونە خارجە بەم شێوەیە لەبیرکردنەوەی کاك شەهابا نەبوو. ئەوەندەی باقی هاورێ کانی سەرکردایەتی کۆمەلەشم ناسیبێ و لەسەرم بیستبێ پیاوی ئازاو بەوورە بوون، یان وانەبوون کەبتوانن لە مەسەلەیەکی حەساسی وادا کەپێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە رای کاك شەهاب بگۆرن. عەقڵم بێ ئەم فکرەیە هی فەرەیدونە و ئەو پێ ی کردون. دڵنیاشم هەر ئەو لە ئێران پێ ی ووتون باتەسلیم بەئێران بینەوە باشترە تائەتوانین دەرباز ئەبین بۆ سوریا. چونکە بیستومانە مامۆستا جەعفەر لەسجنی سەقزقسەی زۆری بەفەرەیدون ووتوە لەسەر ئەم ئەتوار و ئەفعالانەی.ئەویشمان بیستووە ئەگەر فەرەیدون نەبوایە لەکاتی تەسلیم کردنەوەیان بەعێراق ئەیان توانی رابکەن. ئەمە چۆنە تەفسیلەکەی نازانم.

پرسیار... ئەی لەسجنا چۆن بوون ؟

وولام... کەگرتویانن و بردویانن بۆ بەغا، مەردانە بەرگەیان گرتووە و توانویانە زۆر شت بگۆرن. کاك شەهاب هەموو مەسئولیەتەکەی خستۆتە سەر شانی خۆی و ووتویەتی باقی برادەران بێ گوناحن و من مەسئولم لەم کارە بەراستی ئەمە قیمەی ئازایەتی و تەزحیەیە.

باسی مامۆستا جەعفەر و کاك علی بچکۆلیش زۆر ئەکەن و حەوت هاورێ یەی ئێران تەسلیمی کردوون کەزۆر قارەمان بوون، باقی هاورێ یانیش ئازای زۆریان تیا بووە و جێ ی شانازیە بۆ کۆمەڵە و گەلەکەمان.

پرسیار... ئەی شتێ لەسەر درووست کردنی کۆمیتەی هەرێمەکان ناڵێیت.

وولام... بەڵێ دوای ئەو هەموو روداوانە و دوای ئەو هەموو کێشانە، کاك شەهاب چونکە پیاوێکی زۆر دیموکراتی و بێ حقد و قین بووە، سەرکەوتنی کۆمەڵەی لە هەموو مەسەلەیەك لا گرنگتر بووە، چەندین جار بەکەس و کاریا خەبەری ناردووە بۆ ئێمە و ووتویەتی ئێمە تازە لەسجناین و عیدام کردنیشمان لەپێشە. باشاسوار و هاورێ کانی تر بەگیانێکی هاورێ یانە دەوری سەرکردایەتی کۆمەڵە ببینن. زوربەی هاوری یانی تر هەمان راسپاردەیان بۆ ئەناردین و خۆشمان خەڵکمان ناردۆتە لایان. دوسێ کەسیان نەبێ رایان خراپە ئەوانیش پێم وایە هەم مەعلوماتی خراپیان بۆ ئەچێ و هەم لەژێر تەئسیری فەرەیدونان.

کۆمیتەی هەرێمەکان ئەمە دووهەم جارە دروست ئەکرێ. جاری یەکەم زۆری نەخایاند بەهۆی گرتن و کەم توانایی هەڵوەشایەوە، دوای ئەوە ئەرکەکە کەوتە سەر شانی ئێمە. بریار بوو کۆبونەوەیەکی فراوان بکەین و وەزعی خۆمان چاك کەینەوە. هەرچەندمان کرد وەزعەکە هەڵی نەئەگرت. ئەم کۆمیتەیە بە موەقەت ئەرکی سەرکردایەتی لەئەستۆیە تا دەرفەت ئەبێ کۆبونەوەیە یان کۆنفرانسێ ئەگرین. ئێمەش چیمان پێ بکرێ ئەیکەین و هیوادارم بتوانین تەواوی برینەکانی کۆمەڵە سارێژ کەینەوە. خۆت ئەزانیت خراپترین گورزمان بەرکەوتووە. سەرکردایەتی و زوربەی کادرە ئەساسیەکان گیراون. ئیعتراف هەبووە دڵساردی و وازهێنان و راکردن بۆ خارجیش لەو لاوە بوەستێ. ئنجا ترس. ئالەم وەزعەدا کەزۆر لاواز بووین لەتەواوی لادێکانیشدا تاك و تەرا دۆست نەبێ هیچمان نیە.

چاپخانەو مخبایش نیە. تایپێکمان لای هاورێ یەك داناوە. لەم ماوەیەدا ووتیان جەنابی لەترسا شکاندویەتی. بەحساب ئەو کەسەش یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی بەهیوابووین دەیان سروودی شۆرشگێرانەمان بە نهێنی بۆ تەسجیل بکات. کورتیەکەی لەم حاڵە هەوڵ ئەدەین هەڵسین و خۆمان بگرین و شۆرشیش بکەین.

پرسیار...لەچەك وپارە لە چیاین،

وولام... جارێ بۆ پارە مفلسین. بۆ چەکیش لێت ناشارمەوە زۆر زەعیفین. بەڵام چەندە و چۆنە ئەمە سڕی مهنەیە و ببورە.

پرسیار... ئەڵێین پارتیش دامەزراوەتەوە و بەتەمای شەریشن. ئایە ئەمە چۆنە و پاشە رۆژی عیلاقاتیان لەگەڵا چۆن ئەبینی.

وولام... ئێمەش زانیومانە کەلەئەوروپا بەیانیان بە ناوی قیادەی موەقەتی پارتیەوە بڵاو کردۆتەوە و جموجوڵیشیان هەیە. بەڵام مەعلوماتی ووردمان لەسەریان نیە. ئەوەندە هەیە دوای ئەم وەزعە و دوای ئاشبەتاڵ. پێم وانیە بتوانن خۆیان بەوە بکرنەوە پارتی درووست بکەنەوە و قەت نابنەوە پارتیەکەی جاران و تاریخ ناگەرێتەوە دواوە. ئەگەر هات و دەستیان دایە چەکیش. مەفروزە ئێمە باشتریان لەرووی فکری و سیاسیەوە بەخەڵك بناسێنین و ناکۆکی چینایەتی خۆمانیان لەگەڵا نەشا رینەوە. هەروەها باشترین شیوەی تەعاملیشیان لەگەڵا بدۆزینەوە و هانیان بدەین دژی حکومەت شەر بکەن و خۆمان و ئەوانیش دوور خەینەوە لەشەر و ئاژاوە. من بەدووری نازانم لایەنی تریش درووست ببن، پێشتریش ووتم حیزبی شیوعی دوور بکەونەوە لەحکومەت قازانجی زۆرە. ووردە ووردە کە هەموو لایەك بەتەبیعی گەشەیان کرد ئیتر ئەکرێ جەبهەیەك جۆرێ بە تەحالفاتیش بدۆزینەوە. بەڵام قەت نابێ ئەوەمان بیر بچێتەوە کە ئەم قۆناغە ئەبێ حیزبی پێشرەوی کرێکاران سەرکردایەتی بکات.

چونکە وانەکەین و ئەم جڵەوە شل کەین، ئەخورێین و هیچ بە هیچ ناکەین. زۆریش ووریای دەسیسەی بێگانە و دوژمنان بین و ئەوپەری ووریا بین نەکەوینە داویانەو. کورتیەکەی تا ئەتوانین خۆمان لەشەر لادەین. ئەگەر بەردەرگایشی گرتین، بێ حەوسەڵە نەبین و نەڵێین خوا ئەمان گرێ ئەگەر نەیکەین. تائەتوانین دەرگای قایم لێ داخەین. ئەگەر شەریش بەزۆری زۆرداری لەکۆلمان نەبووەوە، حەقی شەری دیفاع میللەت ئەمان داتێ. بێگومان ئەمە نەك لەسەر ئەو ئەساسە ناکۆکیەکان بگۆرین و دوژمنی سەرەکیمان لێ بگۆرێ.

کاك ئارام پرسیارم نەما

یاخوا مایێتیت

زۆر سوپاست ئەکەم

سوپاس بۆتۆ

سەعات دووی شەو

25/ 6/ 1976

لەم بیرەوەریەدا، دوای حەوت ساڵ لەشەهید بوونی هاوڕێ ئارام و نۆ ساڵیش دوای ئەم گفت و گۆیە کە ناوەرۆکی گفت و گۆکە لەگەڵ وەزعی ئێستا بەراورد ئەکەین دو مەسەلەمان بۆ دەرئەکەوێ.

یەکەمیان ئەوەیە راستە کۆمەڵە بەنیازی رێکخراوێکی مارکسی – لینینی دامازراوە و پریاری بۆ دراوە، بەڵام نەك لەکوردستانا، بەڵکو لەناو هیچ میللەتێکدا بەپریار و نیاز رێکخراوی مارکسی – لینینی درووست نەبوە و ناشبێ. رێکخراوی چینایەتی وا بەری پێداویستی مادی و مەوزوعی پرۆلیتاریا ئەهێنێتە گۆرێ و پێویست بەوە ئەکات لەهەموو بارێکەوە ئابوری، فکری، ئایدیولۆجی، سیاسی تەحلیلی زانستیانە بکات و رێبازی چینایەتی خۆی ساغ کاتەوە. دامەزرێنەکانی سەرکردەکانی، کادرە پێش کەوتوەکانی شۆرشگێرترین و ووشیارترین و راستگۆترین کەسانی کۆمەڵ بن کەخۆیان بۆسەرخستنی پرۆلیتاریا تەرخان ئەکەن. نەك لەکەسانی نەگونجاوو بێ بەرنامە و بێ لێك دانەوەی زانستیانە. بەڵام کۆمەڵە چونکە بەبریارو ئارەزوو دامەزراوە و زوربەی دامەزرێنەر و سەرکردەکانیشی ووردەبۆرجوازی بون و لەناو جەلالیەوە بۆ ناو رێکخراوی مارکسی – لینینی خۆیان نەقڵ کردووە بەبێ ئەوەی لەبیرکردنەوەی وورده بۆرجوازی و نەتەوایەتی بەتەواوەتی ئینسلاغیان کردبی، بەتەئکید رێکخراوی واناتونێ ببێتە رێکخراوی پرۆلیتاریا بەتایبەتی هاورێ یانی وەکو شەهید شەهاب و شەهید ئارام و مامۆستا جەعفەری شەهید بوبن، بەزۆری وورده بۆرجوازی یەکان ئیتر زاڵ بوبن. سەرئەنجامیش سەرجەمی مارکسستەکانی ناو کۆمەڵە دوای ئەو هەموو رووداوانە و دوای ئەو هەموو راستیانە قەت پێیان ناکرێ کۆمەڵە راست کەنەوە بۆیە راستترین رێ، بیرکردنەوەیە لەرێ ی راستی پرۆلیتاری وەوازهێنانە لەو خەیاڵ و بیرکردنەوەیە کە کۆمەڵە ئیسلاح بکرێ. ئەم قەناعەتە ماوەیەکە لای ئێمە پەیدابووە ماڵ ئاواییمان لە کۆمەڵە کردووە.

دووهەمیش. زیانی گەورەی شەهید بوونی کاك ئارام لەوەدا دەرئەکەوێ کەئەو شەهیدە چەند وورد بۆ مەسەلەکان رۆیشتووە و هەوڵی داوە هەموو ئەو هەڵانەی کراوون لەسەر مەسەلە فکری و سیاسی و تەنزیمیەکان راست کاتەوە، وەزعێکی واشی خوڵقا کە شەهید ئارام دەوری گەورە لەم بارەوە ببینێ. بەڵام داخمان ناچێ ئەجەلی شەهید بوون ئەو هیوایەی نەهێنایەدی. وە شەهید ئارام نەما بۆئەوەی لەکاتی باشتر دەرکەوتنی راستیەکان و یەك لا بونەوەی مەفاهیمە چینایەتیەکان و گۆران و گەشەکردنی کەئەیبینین بتوانێ سیمای چینایەتی کۆمەڵە بپارێزێ و دەوری کاریگەر لەپێش خستنی ببینێ.

یەکێتی ئەمە حاڵێتی، کۆمەڵەش لەدەوری مەسەلە نەتەوایەتیەکان سورایەوە و سورایەوە تا لەناویا توایەوە. ناوچەکەش گۆراوە و گۆرانی زۆری بەسەرداهاتووە دونیاش رووداوەکانی خێراتر بوون و سیستەمی ئابوریش هەتا هاتووە ئەساس و سیمای تازە بەخۆیەوە ئەبینێ.

چینیش تازە تازە باسی ئەوە ئەکات کەمارکسیەت باوی نەماوە و دەوری بەسەر چووە. ئەوەیە کە شەهید ئارام نۆ ساڵ لەمەوبەر پێش بینی کردووە کە چین خراپتر ئەرواو ئەوپەری زیرەکێتی بووە کە لەو بازنەیە کۆمەڵەی دەرباز کرد. دڵنیاین شەهیدی نەمرمان بمابایە و لەم وەزع و گۆرانانەدا بژیایە، دەور و تەئسیری زۆرزیاتر ئەبوو، خۆشی ئەبوو بەیەکێك لەو رەهبەرانەی لە تەواوی دونیادا سەنگی شۆرشگێرانەی دیارئەبوو. ئەم قەناعەتەمان لەسەر ئەو ئەساسەیە کە شەهید ئارام بە راستی مارکسی –لینینیەکی دڵسۆز بوو دیالکتیکیانە گۆرانەکانی لەبەرچاو ئەگرت و حسابی پێویستی بۆ ئەکرد. لە راپۆرتی شوبات دا ئەڵێ :

(باباش بزانین کە هێشتا زۆرمان ماوە کە بگەینە ئەو ئاستەی کەلەخۆمان رازی بین. چونکە هێشتا هیچی ئەوتۆمان نەکردوە وامان لێ بکات وا تێ بگەین کە زۆر پێش کەوتوین ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە هەرگیز ئەو رێگایە نەگرین کە هەندێك کەس لەمەو پێش گرتبویان و ئێستاش رەنگە هەبن لەسەر ئەم رێگایە برۆن ئەویش پەیدا کردنی زانیاری قەڵبە کەبریتیە لە جونەوەی ئەو رستانەی لەکتێبە مارکسیەکانەوە فێر ئەبێ بێ ئەوەی تێیان بگەن و بیان بەستنەوە بەرەوتی مێژویانەوە و ئەبێ هەوڵ بدەین فێر بین دیالکتیکیانە بیر بکەینەوە و سەیری شت بکەین پێکیانەوە ببەستین. وەئەبێ لە هەمان کاتیشدا مێشکی

خۆمان قفڵ نەدەین و خوێندنەوە و دراسەی قوڵی مارکسیزم بخەینە ئەو لاوە و هەر خۆمان بەراست بزانین یان بەئاسانی شوێن رای تر بکەوین بێ لێك دانەوە و تەماشا کردنی قوڵی ئەو رایە.)

ئارام

راپۆرتێك دەربارەی

رێکخستن و باری سیاسی / کۆتایی شوبات

1976

هەر ئەم هەلەش بەدەرفەتێکی گونجاو ئەزانین بڵێین شەهید ئارامێ کە بۆتە رەمزی خەباتی نەسرەوتی چینایەتی و هاندەرە بۆ مارکسست – لینینیستەکان، بێ وورد بوونەوە لەناوەرۆکی بۆچونی هاورێ ی شەهێدمان، وە بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو راستیانە ی کە ئەگەر شەهید ئارام بمایە و ئەو هەموو گۆرانانەی بدیایە چەند ئەگۆرا و زیاتر پێش ئەکەوت. بەبێ لێك دانەوەی رووداوەکان و بەستنەوەیان بە قۆناغەکان و بە داپراوی لە هەموو ئەو راستیانە، رێکخراوی کاری تێکۆشەر لە رۆژنامەی کاری زمان حاڵیان دا هاورێ ئارامیان بەبۆرجوازی بچوکی کوردستان لە قەڵەم داوە. ئەم رونکردنەوەمان بەهیوای زیاتر دەرخستنی راستی و خزمەت کردنی خەبات و کۆششی تەواوی مارکسستەکانە کە لە دۆخی ئەمرۆدا پەرش و بڵاون. نەك بۆ تیر و توانج و کەم کردنەوەی بایەخی رێکخراوی کاری تێکۆشەر.

هاورێیان و دڵسۆزان و دۆستان

بەهیواین ئەم بیرەوەریە مەزنەی شەهیدمان و بڵاو کردنەوەی گفت و گۆکەی پر لە بەڵگە و بۆچونی وورد بینانەی هاوری ئارام، گفت وگۆی پر لەزانیاری و حەقیقەت لەسەر زۆر مەسەلەمێژوویی و فکری کۆمەڵە، هەموو ئەوانە ببێتە هاندەری باشتر و ووشیارانەتری خەباتمان تابتوانین ئێمەی هاورێ یانی دڵسۆزی رێبازی شەهید ئارام کەرێبازی مارکسست لینینستێکی راستەقینە درێژە بەو خەباتە چینایەتییەی ئارام بدەین کەتا مابوو بۆی ئەژیا شەهیدیش بوو لەپێناویا. ئەم قۆناغ و واقیعە لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستی بەچەسپاندنی (م.ل) هەیە و ئێستا لەهەموو کات زیاتر پێویستە ریزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان بپارێزرێ و خەباتی بۆبکرێ.

هاورێ ئارام ئەگەرچی شەهید بووە،بەڵام گیانە بەرزە خۆشەویستەکەی لەگەڵمانە، خوو رەوشتە کۆمۆنیستەکەی لەبیرمانە، ئاڵاکەی لەدەستمانە.

کێ هەیە بۆ سەعاتێکیش لەگەڵیا ژیا بێ خۆشی نەویستبێ، کێ هەیە لەوانەی ماوون و هاورێ ی بوون، برادەری بوون، بگرە زۆرکەس لەدووریشەوە ناسیێتی و خۆشیان نەویستبێ و رەوشتی بەرزی کاری تێنەکردبێ، کام پێش مەرگە هەیە سوێند بەگۆرەکەی نەخوات، کامماڵە جووتیار هەیە بۆیەك ژەم ئارام چوبێتە ماڵی و نەچوبیتە دڵیانەوە، کام بنە ماڵە هەیە هیچ نەبێ منالێکیان ناو نەنابێ ئارام. کێ هەیە نەزانێ شەهید بوونی ئارام گەورەترین زیان بووە لەکرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتووە. کێ هەیە نەزانێ گەر ئارام بژیایە زۆر شت کە روویان داوە... قەت روویان نەئەدا.

چ کەسێ هەیە نەزانێ لەبەر ئەوەی ئارام بە گفتار و کردار مارکسی لینینی بوو بۆیە لەناو ئەو هەموو سەرکردە کۆن و ناودارانەدا پتر لەهەمووان بوبووە جێ ی ئومێدی زەحمەتکێشان.

دەئەی ئەو پێش مەرگانەی لەبەرۆك نانی میدالیای شەهید ئارامتان لێ قەدەغە ئەکەن، دەئەو کەسانەی راستگۆترین سویندتان گۆرەکەی ئارامە دە ئەو کەسانەی ئێستا مەسئولن و کاتی خۆی هاورێ ی و برای فکر و پێش مەرگایەتی شەهید ئارام بوون و رێ ی شۆرشگێرانەی پیشان ئەدان، ئەی ئەو کەسانەی هاورێ، برا، ناسیاو، خۆشەویست، هاوبیری ئارام بوون و هەن، هەموو ئەبێ ئەوە بزانن کەئارامی هاورێتان ئارامی خۆشەویست و شەهیدمان ئارامی سەرکردەتان ئەو کاتە گیانی لەگۆردا شاد ئەبێ کەبزانێ ئێوە خزمەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەکەن. کەبزانێ ئێوە خزمەتی م.ل ئەکەن. کەبزانێ سەر بۆ دوژمنانی کرێکاران زەحمەتکێشان شۆر ناکەن. کەبزانێ رێبازی کرێکاران و رێبازی چەواشەی کرێکاران لێك جیا ئەکەنەوە. ئا بەوانە دڵسۆزی زیاترتان بۆ مارکسیزم ئەسەلمێ و شەهید ئارام لەبیر نابەنەوە، نەك بە سویند و سۆزی پەتی بۆ هاورێ ئارام و بیرو باوەری ئارام.

بەم پێو دانگەوە ئەوەشتان ئەخەینەوە بیر کەپێمان سەیرە بیرو باوەری (م. ل) و چارەنووسی میللەتەکەمان و خۆشەویستی شەهید ئارام و شەهیدانی تر گاڵەیان پێ ئەکرێ، بە ئاشکرا نابوت ئەکرێ و بێ پێچ و پەنا دژایەتی ئەکرێ. کەچی تیاتانایە لەبەر پلەو پایە، لەبەر ئەندامەتی سەرکردایەتی لەبەر سەر تیپی، لەبەر کەرت و رێکخراو، لەبەر دۆستایەتی ئەم وئەو، تەنانەت هەیە لەبەر ترس و ترسنۆکی هەموو ئەو راستیانە ئەزانن و پیلانتان لێ ئەگێرن و تەجمید تان ئەکەن و دوورتان ئەکەونەو و عاجز ئەبن و دیعایەتان بۆ ئەکەن. کەچی هێشتا کۆمەڵەن و هێشتا یەکێتین. ئاخر دڵتان بەچی خۆشە و لاف لێدانی سراع و مارکسیەتیشتان لەچی. دە ئێوەش، دەهەموومان، بادڵسۆزیمان باوەفامان، باقودسیەتی سیاسی خۆمان،باهاورێیەتی راستەقینە و راستگۆییمان بۆ هاورێ ئارام لە قسەو سویند و سۆزەوە بکەینە کردەوە و کردەوەش لەبەر رۆشنایی تەحلیلی مارکسیانە بۆ رووداوەکان ئەمان گەیەنێتە سەرکەوتن. ئەوە ی حەقە گوێ ی بدەینێ بیروباوەرەکەمانە و بەس.

بیرو باوەری ئێمەش تەنها چەك هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی نیە. تەنها شەر و باسکردنی کوردایەتی نیە. بیرو باوەری ئێمە، بیرو باوەری هاورێ ئارامە کە بیرو باوەری م. ل و کۆمۆنیزمە.

ئەوەی ڕقی لە (م. ل) بێ چەند هاورێ و دۆست و کەسمان بێ، ئەبێ ئێمەش ئارام ئاسا دژی بین و رقی چینایەتیمان لێ ی بێ.

دەبا هەموومان بڵێین ئارامەکەی ئارامی گیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، گیانت شاد بێ هاورێ کانت رێبازەکەت ئەپارێزن. دەبا وابکەین کوردستان بێ ئارامی پێوە دیار نەبێ.

ئەی کرێکاران و زەحمەتکێشان

ئەی گەلە تێکۆشەرەکەمان.

لەیادی حەوت ساڵەی شەهید بوونی هاورێ ئارامی قارەمان دا بەراشکاوی رۆشنی ئەکەینەوە، هەر هاورێ یەك، هەر هاوبیرێکی ئارام هەر کەسێ خۆی بە مارکسی لینینی و دڵسۆزی کرێکاران و زەحمەتکێشان بزانێ، دوژمنەکانی ئێوە نەناسێ، رێبازی چەواشەی پرۆلیتاریا دەست نیشان نەکات،هەڵوێستی چینایەتی و فکری و مەبدەئی خۆی دیاری نەکات و بە زەحمەتکێشانی نەناسێنێ، وەك شەهید شەهاب ئاسا وەکو مامۆستا جەعفەری نەمر، وەکو شەهید برایم عەزۆو عزەت ژەنگاری، ملازم جوامێر و سەلام سەلمان، سیروان و جەمالی عەلی باپیر و ئەنوەر حەسەن وەکو وەستا ئەنوەر و عبدللّە

ی کرێکار و مامۆستا عەزیز جەمیل رەنجبەر و هاورێ کاوە و مامۆستا کاوە، وەکو هەموو شەهیدانی کرێکاران و زەحمەتکێشان قارەمان و بێ باك نەبن، لەپێناوی بیروباوەرا وەکو شەهید (ووریای وەستا وەهاب) ئاسا نمونەی چاو نەترسی نەبن. ئەوانەی وانین و خۆشیان بەمارکسی ئەزانن مارکسیزم، کرێکاران و زەحماتکێشان، تێگرای شەهیدان، خاڵە شەهاب و کاك ئارام، لێیان بێ بەرین و هاورێ ی رێبازیان نین. زیاتر لەوەش ترسنۆکن، خۆ پەرستن، هەلپەرستن، پاشە رۆژی خراپتریشیان لێ چاوەرێ ئەکرێ.

ئەم قسانە لەخۆرا ناکەین. بەدەم رێبازی شەهید ئارامەوە قسەهەڵنابەستین و سۆزی کەسیش ناجوڵێنین. ئەو کەسانە بۆ ئەم حەقیقەتە رائەکێشین،

کە ئارامێ کۆمەڵە لە ئێستا کەمتر هەڵەی بوبێ، لە ئێستا کەمتر ناسیونالیست بوبێ، لە ئێستا جەوهەری کەمتر دەرکەوتبێ،لە ئێستا کەمتر نێوانی هاورێ کانی ناخۆش بووبێ، کەس تیایانا نەیگوتبێ کۆمۆنیزم گەر و گولە، ئەوسا لە ئێستا کۆمەڵە باشتر بووبێ، ئنجا ئەو کاتە شەهید ئارام سراعی لەناو کۆمەڵەدا کردبێ و رەخنەی هەبووبێ و لەسیماو سەربەخۆیی چینایەتی و سیاسی کۆمەڵە رازی نەبووبێ، ئاخۆ ئەبێ ئارام لە ژیانا بوایە چەند لێبراوانە و مارکسستانە هەڵوێستی دەرپریایە ئێمە دڵنیاین تاکە دەقیقەیەك لەگەڵ وورده بۆرجوازیە زاڵەکانی کۆمەڵەی ئێستا سیاسەتی نە ئەکرد و هەموو شتێکی وەلا ئەناو لێیان بێ بەری ئەبوو.

مەنتقی رووداوەکان و رێرەوی دەرکەوتەکان ئەمەمان پێشان ئەدەن. بۆیە بانگی رێبازی راستەقینەی شەهید ئارام بە راشکاوی رائەگەیەنین. لەم قسانە و بۆچونانە مەبەست ئەوەنیە گوری خەبات لەو برایانە سارد کەینەوە و بێ سوودی خەباتیان پیشان بدەین. تەنها ئەوەندەیە تیشك ئەخەینە سەر رێبازە راستەقینەکە و پیشانیان ئەدەین. لەنامەیەکا مارکس بۆ زوغە ئەنوسێ (ئێمە بە عالەم ناڵێین لەخەبات کردن بوەستە، هەموو خەباتەکەت بەتاڵە، بەڵکە تەنها دروشمی راستەقینەی خەباتی ئەدەینێ).

دەبا یادی حەوت ساڵەی شەهید بوونی هاورێ ئارامی رابەر بێتە هاندەری رێ ی پیرۆزی خەبات و زۆرانی پیرۆزی چینایەتیمان.

دەبا گیانە نەمرەکەی هاورێ ئارام هەر لە گەڵمان دا بێ و بێتە رێ پیشان دەری رێبازمان.

دەبا بێ باك بین و کۆڵ نەدەین. تابەئامانجی کرێکاران و زەحماتکێشان و گەلەکەمان ئەگەین.

سەرکەوتوبێ خەباتی

شەکاوە بێ ئاڵای کرێکاران و زەحمەتکێشان

بروخێن فاشستەکانی عێرا ق

ئاڵای شۆرش

11 ی رێبەندان

زانیارییەکی دڵخۆشکەرە

دەربارەی بەڵگەی تری شەهید ئارام

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، توانیومانە نووسینە گرنگەکەی شەهد ئارام (راپۆرتی شوبات) مان دەست کەوێ، لەگەڵ چەند نووسینێکی تری کەلەرۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی کردۆتەوە لەگەڵ ووتارێکی تر بەناوی (پەیمانی بەردەوام بوون لەسەر رێبازی خەباتی شۆرشگێرانە) کەلەسەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی (1976) بۆ ریزەکانی رێکخستنی نووسیوە دژی دڵساردی و وورە بەردان و هەڵهاتنی چەند کادرێکی کۆمەڵە لەکاتی گرتنی هاورێ یانی کۆمەڵەو تەسلیم کردنەوەی شەهید شەهاب و هاورێ کانیان. ئێستاش ئەوانە لە خۆیان ئازاتر لە کوردستان دا نیە.

لە گەران و هەوڵدناین جگە لەم بەڵگانە، بەڵگەی تری شەهید ئاراممان دەست کەوێ بە هیواشین لە هەلێکی لەبارا سەرجەمیان لەبەرگی سێهەمی نووسینەکانی شەهید دا بڵاو بکەینەوە.

لەگەڵ رێزی هاورێ یانە و دلسۆزانەمان

ئاڵای شۆرش

چاپخانەی شەهید فاتیح